وەزارەتی دارایی لەبارەی داوای بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەستی وەزارەتی نەوت هەشداری دەدات

وەزارەتی دارایی عێراق لە نوسراوێکدا بۆ نوسینگەی سەرۆك وەزیران لەبارەی داوای بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەستی وەزارەتی نەوت هەشداری دەدات و دەڵێت، خەزێنەی گشتی بڕگەی هیچ بارگرانییەکی دارایی زیاتر ناگرێت.

وەزارەتەکە لە نوسراوەکەیدا کەدەستی موتەبع کوتووە کە ڕۆژی 29ی ئەم مانگە ئاماژەی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی کردوە لەبارەی داواکاری بۆ بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەستی وەزارەتی نەوت، جەختی کردۆتەوە کە یاسای بودجەی سێ ساڵە، هیچ دەقێکی تێدا نییە کە ڕێگە بدات بۆ هەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست، جگە لە فەرمانبەرانی گرێبەستی پەرلەمان.

وەزارەتی دارایی عێراق هەمای بۆ ئاوەش کردوە، خەزێنەی گشتی دەوڵەت بڕگەی هیچ بارگرانییەکی دارایی زیاتر ناگرێت کە لە چوارچێوەی یاسای بودجەدا جێگیرنەکرابێت.